www.kurdistannet.org
29-4-2003 18:36

به ناوی كوردستانی گه‌وره !

# جێگه‌ی هۆنه‌ر، نووسه‌ر و هونه‌رمه‌ند له‌ولای حیزبی سیاسیه‌وه‌یه !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail.com

هۆنه‌ر، نووسه‌ر و ته‌واوی هونه‌رمه‌ندانی راسته‌قینه‌ی دیكه‌ی هه‌ر گه‌لێك، بریه‌تین له ئه‌ندامانی هه‌ڵكه‌وتوی ئه‌و گه‌له، له به‌ستێنی بیر، رامان و تێگه‌یشتندا. یانی ئه‌م تاقمه وه‌ك چاوی تیژ، دڵی پاك، هه‌ستی ناسكی و پێشاهه‌نگی كۆمه‌ڵ وایه، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مه به كورتی به‌م ده‌سته شازه ده‌ڵێین **رووناكبیر**.

ئه‌ركی سه‌رشانی رووناكبیریش ئه‌مه‌یه، كه به كه‌ڵكوه‌رگرتن له توانایی خولقێنه‌رو داهێنه‌ری خۆی ؛ به بنه‌ماڵه‌ی، به نه‌ته‌وه‌ی و به مرۆڤایه‌تی خزمه‌ت بكا. له خواره‌وه، وه‌ك نموونه، ئاماژه ده‌كه‌م به چه‌ند خاڵ، كه ئه‌ركی سه‌رشانی هه‌ر رووناكبیرێكه، به كه‌ڵكوه‌رگرتن له هونه‌ره‌كه‌ی، ئه‌م خاڵه گرنگانه ئه‌نجام بدا :

١. رێنوێنی جۆربه‌جۆر.
٢. لێدانی زه‌نگی مه‌ترسی، له كاتی پێویستتدا.
٣. هاندانی كۆمه‌ڵ به چه‌شنی شیاو.
٤. ره‌خنه گرتن له به‌ستێنگه‌لی جۆربه‌جۆردا.

له‌گه‌ڵ ئه‌وپه‌ڕی ریزم بۆ ته‌واوی حیزبه‌كان، پێویسته به روونی بیڵێم، كه ئه‌گه‌ر رووناكبیرێك، ئه‌ندامی حیزب یا تاقمێك بێ، له سه‌ری پێویسته بارودۆخی حیزب یا تاقمه‌كه‌ی بپارێزێ و نه‌توانێ ئه‌ركی سه‌ره‌كی خۆی سه‌باره‌ت به كۆمه‌ڵگه، به چه‌شنی سه‌ربه‌خۆ ئه‌نجام بدا، جا بۆیه رووناكبیر ده‌بێ له‌ولای حیزبی سیاسی و ته‌نانه‌ت تاقمیشه‌وه بێ.

دیاره رووناكبیریش مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه، كه كه‌سێكی له كه‌سێكی دیكه خۆشتر بوێ، به‌ڵام ئه‌ندامی ره‌سمی بوون و پاراستنی دۆزی حیزب و تاقمێك، له گه‌ڵ خۆشویستنی ئاسایی تۆفیریان یه‌كجار زۆره.

قسه هه‌زاره و یه‌كی به‌كاره :

**رووناكبیر ده‌بێ هی ته‌واوی گه‌له‌كه‌ی بێ، نه‌ك هی حیزب و تاقمێكی نایبه‌ت.**

تێبینی كوردستان نێت:

ئه‌م نووسینه ده‌ربڕینی بیروبۆچونی خاوه‌نه‌كه‌یه‌تی، كوردستان نێت له‌ناوه‌ڕۆكه‌كه‌ی به‌رپرسیار نییه.